# له نێوان نیشتمان هەمووانی نووسەران و پارت خاوەنداریێتی ڕەخنەگرانیاندا، له سەرشۆستەکان بۆ سەرپەنایەک دەگەڕێم

هەژێن
25.07.2007

ناوبەناو هەواڵی ڕۆژنامەیەك، دەستەواژەی نێو وەڵامی پرسیارێك دەبێتە هەوێنی شەڕەدەنووکی نووسەران و چەند هەفتەیەك ڕووبەری ماڵپەڕەکان داگیر دەکات. وەك بڵێی پرسە کۆمەلایەتییەکان و بزووتن بە ئاراستەی سەندنی ماف لە بزاڤی کۆمەلایەتی خۆبەرجەستەدا بوونی نییە و ئەوە وێناکردنی هۆنەرێکە یا دەربڕینی ڕەخنەگرێکە نەخشەیان بۆ دەکێشێت، بۆیە تەنیا لەو شەڕەدەنووکەدا و لەو چەند ڕۆژەدا دەبنە پرسی هەندێ نووسەر و لەچەند وەلام و وەلامکاری و گەلەکۆمەیەکدا کپ دەبنەوە.

لە کاتێکدا کە هەردوو لای شەڕەدەنووکەکە سنگی خۆیان دەردەپەڕێنن و خۆیان بە تاکە ڕەخنەگر و خاوەن هزر و رەخنە دەزانن، بەڵام ڕەخنەی هیچکامیان لە پرتەوبۆڵە لە دەسەڵات واوەتر ناچێت و لە بازنەی تەسکی هاوبەرژەوەندێتی تاکەکان بەنێوی نەتەوە و دەسەلاتی نەتەوەیی دەرناچێت و ئامۆژگارییەکانیان بۆ دەسەلاتداران، پەردە لەسەر خۆشباوەرییان بەرامبەر دەسەلات وەك نوێنەری نەتەوە رادەماڵێت.

کاتێك کە لە پەنجەرەی دەسەڵات یا ئۆتۆریتەی تاکێکەوە بڕوانینە پرسەکان، ڕەخنەشمان لەو دەسەڵاتە یا ئەو تاکە بە سیمبولکراوە لە رەخنەی مۆراڵی و دەربڕینی نائومێدی بەولاوەتر بڕناکات. ئەمە نیشانەی پابەندبوونمانە بە ڕیتمە خێڵەکییەکان، بەڵام لە ژێر ناوێکی تر و لە چوارچێوەی کلێشەیەکی تردا. ئەگەر ئەمە وانەبێت، ئەی دەبێت چی وا لە زۆرینەی گەل بەگشتی و نووسەران و بەناو رۆشنبیران بەتایبەتی بکات، هەموو هیوا و خۆزگەی خۆیان لە سەرکردەیەك یا نووسەرێکدا ببیننەوە و هەموو پرسە کۆمەلایەتییەکان لە چاوی ئەوانەوە بخوێننەوە و قوفڵ لە مێشکی خۆیان بدەن و چاوەڕێ بن ئەوان کەتواری کۆمەڵایەتی و باری ئابوری و ئاراستەی رامیارییان بۆ شیکەنەوە، لێکبدەنەوە و دیاری بکەن؟

بەداخەوە ئەمە کاتواری ئەوڕۆی کۆمەڵگەی کوردستانە و هەر ئەمەشە وای لێکردووین، کە چارەنووسمان بدەین بەدەم ڕەشەبای ڕووداوەکانی ڕۆژگارەوە و چەتەکانی دەریا ئاراستەی کەشتی چارەنووسمان دیاری بکەن! ئەمە ساتەوەختێکە، کە تاك لە ئاستی خوێندنەوەی ڕووداوەکان و بریاردان لەسەر ژیانی، لەسەر چارەنووسی دۆشدادەمێنێت. ئەوکاتەی کە بوونی خۆی لە بوون و هەڵکشانی دەسەلات و ڕۆشنبیرەکانی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بەم پێشەکییەوە تیشکی بخەمە سەر، حەڵاڵ و حەرامکردنی پارچە زەوییەکانی نیشتمانە. ئەو دەردەی کە لە وردەگیری و ڕەخنەی لاوەکی لە دەسەلاتەوە سەرچاوە دەگرێت. کاتێك رەخنەمان لە بوونی دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە بۆ ئاستی رەخنە لە

کەموکوڕییەکانی دەسەڵات دادەبەزێت، خۆشمان لە تاکێکی ئەکتیڤەوە دادەبەزینە ئاستی تاکێکی نائومێد و چاوەڕوانکەر، چاوەڕوانی پیاوچاکان و ریفۆرمکەرانی دەسەڵات. لەم ساتەدا کاتێك کە سیمبولەکانی نائومێدیمان دەکەونە بەر لێشاوی وردەگیرییەکانمان و ترکەڵەکی چاوەڕوانییەکانمان دەڕووخێن، پەرتووك و فەرمایشتەکانیان دەدەینە بەر شەق، پەتی سێدارەیان بۆ هەڵدەخەین. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاکە گیرۆدەی پاشڕەوی ئەم و ئەوین، چونکە خودی ئەو هەڵچوونە، هێشتاکە لە ژێر کارایيەکانی سیمبولەکاندایە و هەر بوونی ئەو کاراییەیە وا ئازارمان دەدات و دەمانرەنجێنێت.

بۆ ئەوەی لە کوێدا بوونی خۆمان لەم ئاوێنەدا ببینینەوە، پێویستە خودی شەرە دەنووکە و چۆنییەتی زەمینەسازی بۆ ئەو شەرەدەنووکە بخوێنینەوە. شەڕەدەنووکێك کە لەم دواییانەدا لەنێوان دەستەی ڕەهەند و ڕەخنەلێگرانیان سەریهەڵدا و وەرگرتنی پارچە زەوی و برە پارەی ڕێزلێنان بوونە هەوێنی. ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت لێوەێ بدوێم، ڕەخنەگرتنە لە هەلوێستی هەردوولا، بەوەی کە بەرەی یەکەم پێیوایە هەرکەسەو مافی خۆیەتی زەوی وەرگرێ و چارەسەریش ئەوەیە هەرکەس بۆخۆی. هەروەها بەرەی دووەم، کە دژی ئەم بۆچوونەیە، هاوکات هیچ ئەڵتەرناتیڤێك بۆ سەندنەوەی زەوی و زارەکانی کۆمەڵگە لە مافیاکانی دەسەلات، پێشنیار ناکات و فرەتر لە کایەی کێشمەکێشی نێوان دوو بەڕێوەبەرایەتییەکەی «سلێمانی و هەولێر»دا دەسوڕێنەوە و هەڵوێستگیرییەکەیان لە شەڕەدەنووکی دوو بەڕێوەبەرایەتییەکە لە دەستەمۆکردن و ڕاکێشانی نووسەران و رۆشنبیران واوەتر ناچێت.

بەرەی یەکەم دەڵێن : زەوی وەرگرتن مافی هەمووانە. بێ ئەوەی پێمان بڵێن چۆن!

بەرەی دووەم دەڵێن: وەرگرتنی زەوی بەرتیلی پارتە و بەشێکە لە گەندەڵی. بێ ئەوەی ڕێگەیەکی ترمان نیشانبدەن!

کاتێك کە دوور لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان ئەم دەربڕینانە دەخوێنینەوە، هەردوو لا راستییان پێیە و بە جۆرێك لە جۆرەکان پاساوییان بۆ هاندەرەکانی خۆیان خستۆتەروو. بەڵام کاتێك لە ئاستی کۆمەڵ و دەسەلاتدا ئەمانە بخوێنینەوە، دەبینین هیچکام ناتوانن ئەڵتەرناتیڤی چەپاوڵگەری دەسەلات بن، چونکە هیچکامیان دەسەلات وەك دومەڵ و شیرپەنجە بەسەر بەرژەوەندی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە نابینن و کۆیلەتی تاك بە بوونی دەسەلاتی تاك یا چینێکی ترەوە نابەستنەوە.

منیش دەڵێم زەوی وەرگرتن مافی هەمووانە، لەو سۆنگەوە کە نیشتمان هی هەمووانە؛ یا ئەوەتا نیشتمان بوونی نییە یا ئەوەتا نابێت کەس تێیدا کرێچی بێت. ئەمە ئەو لۆژیکە بەو سەرەنجامەمان دەگەیێنێت، کە داوامان لێدەکات خۆمان بۆ نیشتمان بە کوشت بدەین. کەواتە لەبەرامبەردا پێویستە نیشتمانیش بۆ من سەرپەنا بێت.
بەڵام کاتێك کە نیشتمان لەلایەن چین یا پارتێکەوە دەستی بەسەردا گیراوە و زۆرینە تیدا کرێچین و نیشتەجێبوون لە پارچەیەکی چەند میتری پابەندی بەرتیل و ناو و ناوبانگ و ناسینی لێپرسراوێکە، ئیتر نیشتمان هەمووانی دەبێتە واتایەکی پوچ و وەرگرتنی زەوی لەژێر پاساوی مافی هەمووانە، دەچێتە خانەی خۆدزینەوە لە داخوازییە گشتییەکە و پشتکردنە کەسانی تر.

ئەگەر ئەمە لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا بێت، کە بڕیار بۆ سەرجەمی تاکەکانی بگەڕێتەوە، ئەوا ئەو

دەستەواژەیە دروستە. بەڵام کاتێك کە زەوییەکانی نیشتمان لەلایەن دەسەلاتدارانەوە، دەستیان بەسەردا گیراوە و بوونەتە موڵکی تایبەتی چین و دەسەلاتێك، پێش ئەوەی ئێمە بتوانین ببینە خاوەنی، ئەوا سەندنەوەیان لە زەوتکەران پێشمەرجی بوونی ئەو مافەیە. لەوانەیە تاکێك کە پاگەندەی هیچ نەکات، کەمتر جێگەی لۆمە بێت، کاتێك کە پارچە زەوییەك لە دەسەلات وەرگرێت. بەڵام کاتێك کە بمانەوێت کۆمەڵگە بە فەیلەسوفان بسپێرین و خۆشمان کاندیدی ئەو فەیلەسوفییە کردبێت، ئیتر پاساوی وا بێجگە لە خۆڵکردنە چاوی خەڵك و سازکردنی دێوجامەیەك بۆ شاردنەوەی هاوخوانیمان لەگەڵ دەسەلاتێك، کە بە رواڵەت ڕەخنەی لێدەگرین، هیچی تر نییە.

کاتێکیش کە ڕەخنە لەو هەڵوێستە دەگرین، پێویستە خۆمان لە بازنەی ئەو بیرکردنەوەیە دەرهاویشتبێت، کە بەرژەوەندی تاکی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکاتە مەنجەڵێکی ئەفسوناوییەوە و بەبوون و هەڵکەوتنی دەسەلاتداری دادپەروەر و دیموکرات خۆشباوەرمان دەکات. ئەگەر سەرنجی ئەو کۆمەڵگایانەش –کۆمەڵگە ئەوروپییەکان- بدەین، کە پێیان وایە ئازاد و دادوەرن، ئەوا دەبینین، بوونی پارچەك لە نیشتمان – ئەگەرچی پارت و سەرانی پارت فرۆشیاری نین- هەر پابەندی بوونی بڕە پارەیەکە. ئەمە لە کاتێکدا کە پێچەوانەی لۆژیکی نیشتمان هەمووانییە، چونکە کەس زەوی لە خۆی ناکڕێتەوە. کەواتە زەوییەکانی نیشتمان لەلایەن دەسەلاتەوە دەستیان بەسەرداگیراوە، ئیتر ئەو دەسەلاتە چ دیموکرات بێت یا دیکتاتۆر. کێشەکەش تەنیا لە دەستبەسەرداگرتنی پارچە زەوییەکانەوە دەست پێناکات، بەڵکو لەو ساتەوە دەست پێدەکات، کە مرۆڤ دەبێتە سەروەری مرۆڤ و بۆ راگرتنی ئەم سەروەرییە دەسەلاتێك بەناوی نەتەوە و نیشتمان و گشتەوە قوتدەکاتەوە و لەهەموو دەسەلاتێك داماندەماڵێت و لەبەرامبەر کرێیەکدا هێزی کارمان دەکڕێت و لەبەرامبەر ئەو کرێیەدا بەروبوومی نیشتمانمان پێ دەفرۆشێتەوە و چەند میترێك لە نیشتمانمان پێ بە کرێ دەداتەوە.

کەواتە بۆ ئەوەی نیشتمانمان هەبێت، دەبێت سەروەرمان نەبێت، واتە خۆمان سەروەری خۆمان بین و مل بە هیچ دەسەلاتێك لەسەرووی خۆمانەوە نەدەین. بەلام تا ئەوکاتەی بەم ئاستە نەگەیشتووین، ئەوا شێوازی تر هەن لە سەندنەوەی زەوییەکانمان، کە هاوکات ئەو شێوازانە دەبنە هەنگاوێك لە هەنگاوە کۆتاییەکە. بەواتایەکی تر هەر ئەوڕۆکە لەبری بەخشیش وەرگرتن و پچڕاندنی پارچەیەك بەم ناو و بەو نیشانەوە. ئەوەش بەرێخشتنی بزووتنەوەی کۆمەلایەتی سەربەخۆیە بۆ دابینکردنی سەرپەنا بۆ هەموو کەسێکی بێسەرپەنا و نیازمەند، کە لە ناچاریدا لە نیشتمانەکەیدا کرێچییە. ئەم بزووتنەوە پێویستی بە فەیلەسوف و پارتی سیاسی نییە، بەڵکو تەنیا لە گرەوی ئەوەدایە کە هەر تاکێك لە ئێمە هەڵگری ئەو بۆچوونە بین، کە نیشتمان چۆن لە کاتی ڕزگارکردنیدا هی هەمووان بوو و ئەرکی هەمووان بوو گیانی بۆ بەخت بکەن، هەرواش هەنووکە هی هەموانە و پێویستە و دەبێت هەمووان لەو نیشتمانەدا سەرپەنایەکیان بۆ ژیان هەبێت و هەمووان وەك یەك لە بەرووبوومەکانی بەهرەمەند بن. نیشتمان چۆن هی خاوەن ترۆمبێلە پانوپۆرەکانە، کە ئاوهەواو ژینگە پیس و وێران دەکەن، هەرواش هی ئەو دەستفۆشە برسییانەیە، کە پۆلیسەکانی نیشتمان بە قۆنداخە تفنگ و کێبڵ تێیان هەڵدەدەن.

بەلام ئەم لۆژیکە کاتێك واتا پەیدا دەکات، کە کۆمەڵگە ئازاد بێت و تاکەکانیشی سەروەری خۆیان بن و بەرێوەبەرایەتیش هی هەمووان. کاتێك کە خۆفرۆشانێك کە تادوێنێ ئەنفالیان دەکردین و

خۆپیشاندانەکانیان سەرکوت دەکردین، ئەورۆکە هەروەك نیوسەدە لەمەوبەر دەرەبەگانە دەست بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان دەگرنەوە و لە شوێنە هەوا سازگارەکانی نیشتماندا ڤێلاکانیان ئاسمان دەخورێنن، ئیتر قسەکردن لە نیشتمان هەمووانی لە فریو و دێوجامە بەولاوەتر نییە و نابێت. کامە نیشتمان لە کاتێکدا من نەتوانم بە قومێك ئاوی سازگاری تێنوویەتیم بشکێنم، لە بستێك سەرپەنایدا سەرخەوێك دوور لە خەمی کرێچییەتی بشکێنم، بێ بەرتیل و پارانەوە لە بەروبوومەکەی ژەمێك تێربم، لە هاوینەهەوارەکانیدا هەفتەیەك منداڵە ڕووتەڵەکانمان لەبری دەستفرۆشی، گەشتوگوزاریان تێدا بکەن. ئایا دەتوانین بڵێین ئێمە نیشتمانمان هەیە و دەتوانین هەرکەسە بۆ خۆی و لە ڕێگەی بەرتێل و پارانە و بەخیشەوە لێی بەهرەمەندبین؟ ئەوا من بە فرۆشتنی پێنووسەکەم پارچەیەك زەویم وەرگرت، ئەی ئەوانە چی کە شەڕ و کارەساتەکانی نیشتمان بواری نەدان بچنە فێرگە و نەخوێندەوارن؟ ئەوا من خزمێکم لە دەسەلاتدا هەبوو یا توانیم بەرتیل بدەم، ئەی ئەو پیرە ژن و پیرە مێردە سواڵکەرانەی کەنار شەقامەکان چی؟

دەستەواژەی هەر کەسە مافی خۆیەتی، بەبێ هەڵخراندنی جەماوەر بۆ سەندنەوەی ئەو مافە، بێجگە لەمە هیچ واتایەکی تر بەدەستەوەنادات، کە " برۆ تۆش خەمی خۆت بەخۆت بخۆ". ئەگەر ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دادپەروەردا بژین، دەکرێت، ئەو دەستەواژەیە ئاسایی وەربگیرێت. بەڵام کاتێك کە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا بژین، کە لەژێر چەپۆکی باندە مافیاییەکاندا بێت و گورگەکانی بازار ئازاد کەڵبەیان ژەنیبێتە جەستەی، دەستەواژەی وا لەدەمی ڕۆشنبیرە فەلسەفە وێژەکانمانەوە بێجگە لە فریودانی جەماوەر بەوەی کە دەسەلات دادپەروەرە و تۆش دەتوانی لەو بەشە بەهرەمەند بیت، هیچی تر ناگەیێنێت!

لەلایەکی ترەوە ڕەخنە لەم هەڵوێستە، بەوەی کە هیچ ئەڵتەرناتیڤێك پێشنیار ناکات، ناچێتە خانەی نەیاری بەرامبەر نادادوەری، بەڵکو دەبێتە بەشێك لە وردەگیرییەکانی ئەمبەر و ئەوبەری دەسەلات لەیەکتری و ئەو ڕەخنانە ئەو سنوورانە نابەزێنن، کە دەسەلات بەناوی ئازادی ڕۆژنامەگەرییەوە دیاریکردوون!

بزووتنەوەیەك کە دەتوانێت ئەو مافە بەسەر دەسەڵاتداراندا بسەپێنێت، بزووتنەوەی دەستبەسەرداگرتنی باڵاخانە و ئاپارتمانەکانە. بزووتنەوەی سەراپاگیری کۆمەڵگە بۆ دەستکۆتاکردنی بەرتیل و بەخشیش و پشگیری پارتیانە و خزم خزمێنەی لێپرسراوان. بزووتنەوەیەك، کە پێش ئەوەی داخوازی پارچە زەوییەك بکات، خوازیاری ڕاگرتنی تایبەتیکردنی کەرتە گشتییەکانە، خوازیاری گێرانەوەی ئەو کەرتە گشتیانەیە کە پارت بە نێوی جۆراوجۆرە لەسەر خۆی تاپۆیان دەکات و گوند و شار و کەرتەکانی خزمەتگوزاری بەخۆیەوە شەتەك دەدات. ئایا بێدەنگەکردن لەم تایبەتیکردن و پارتیکردنەی کەرتە گشتییەکان لەبەرامبەر وەرگرتنی پارچە زەوییەکدا، یا چاونووقاندنی ڕەخنەگرەکانیان لەبەرامبەر ئەم پارتیکردنەی کەرتە گشتییەکاندا و زەقکردنەوەی وەرگرتنی پارچە زەوییەك، بێجگە لە نیشانەی خەساوی و بەرتیل وەرگرتن، چیتر دەبەخشێت؟